*تكايە ئەم بابەتە بدرێتە كاك شێرزاد عبدالرحمن*

## گەل یان گەڵ



**كاوەی خەسرەو كاوانی**

**لەو كاتەی كە ئەندامە بەرێزەكانی پەرلەمانی كوردستان سوێندی یاسایی یان خوارد زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمان لە جیاتی بەكارهێنانی بەرژەوەندی گەل ووشەی بەرژەوەندی (گەڵ ) یان بەكارهێنا ,لە كاتێك دا پەرلەمان سەرچاوەی یاسادانانە و ئەو یاسایانەش كە دادەنرێن دەبێت لە هەموو رووییێكەوە تەواوبن بە تایبەتی لەرووی رێزمانی یەوە ,لەسەر ئەم بابەتە زۆر نوسراو زۆر رەخنەی لێ گیرا ولەو باوەڕدابووم كە جارێكی تر بە هیچ شێوەیێك و لە هیچ بۆنەیێك و لە هیچ سوێندخواردنێك ئەم (گەڵە) دووبارە نابێتەوە و ئەوەی جێگای داخ بوو جارێكی تر و لە كاتی سوێندخواردنی كابینەی پێنجەمی حكومەتی یەكگرتووی كوردستان هەندێك لە وەزیرە تازەكان تووشی هەمان هەڵە بوونەوەو عەیب نەبێت لەجیاتی گەل ووشەی (گەڵ)یان بەكارهێنا,چۆن دەبێت گەورەترین كەسانی كە بەرپرسیارەتی بەرێوەبردنی گەل وەردەگرن و پەیمان دەدەن كە بەرژەوەندی یەكانیان بپارێزن یەكسەر سوێند بۆ پارستنی (گەڵ) بخۆن ,هەرچەند پارستنی (گەڵ)یش ئەركێكی نیشتمانی یە و لێرەدا من نەك رەخنە لەو بەرێزانە دەگرم بەلكو لەو كەس و لایەنانەش دەگرم كە ئەم جۆرە كەسانە دەكەنە پالێوراو نوێنەری خۆیان و پێشنیار دەكەم پێش ئەوەی ئەم بەرێزانە دەست بەكاری خۆیان بكەن لەلایەن پەرلەمان و حكومەتەوە خولێكی رێزمانیان بۆ سازبدرێت  و گەڵەكانمان بكەنەوە (گەل) تا كەس تێمان نەگەیشتووە .**

KAWA_KIWINY@YAHOO.CO.UK